**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# باشوری کوردستان لە ژێر رۆشنایی هەڵکۆڵینی شوێنەواریەکاندا (پارێزگای هەولێر بە نموونە)

**د. عبدالله بکر عثمان**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
abdullah.othman@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٤/١٢
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٦/١٢
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Excavations, Surveying, Archeology, History, Civilization.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.1

## پوختە

باشوری کوردستان بەپێی بەڵگە شوێنەواریەکان بە لانکەی شاریستانیەت دادەنرێت. ئەنجامی هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکانی کۆن و نوێ گەواهیدەری ئەم راستیەن. دوای ماویەکی زۆر هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکان لە باشوری کوردستان دەستی پێکردووە کە چەندین زانیاری نوێ دەخەنە سەر مێژووی کوردستانەوە. زۆربەی هەڵکۆڵینە کۆن نوێیەکان لە لایەن تیمە شوێنەوارناسیە بیانیەکان ئەنجامدراون کە بە ئەنجامی باش گەیشتوون. ئەم لێکۆڵینەوە تیشک دەخاتە سەر چەند تەوەرەیەک لەوانە ئاماژە دان بە هەڵکۆڵینە کۆنەکان و کارە پێشینیەکانی شوێنەوارناسان لە باشوری کوردستان. پاشان لێکۆڵینەوەکە تیشک دەخاتە سەر کاری هەڵکۆڵینی کۆن و نوێ لە ناوچە شوێنەواریەکانی پارێزگای هەولێر وە لە کۆتا تەوەرەدا تیشک دەخاتە سەر دەرکەوتە مێژوویەکانی ئەو هەڵکۆڵینانە لە سەر مێژووی کوردستان. ئامانجی سەرەکی لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەرخستنی گرنگی مێژوویی و شوێنەواری باشوری کوردستان بە تایبەتی پارێزگای هەولێر، لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە بۆ شوێنەوارناسان و مێژوونووسان کارێکی سوود بەخشدەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم ناوچەیەدا هەم لە رووی زیادکردنی زانیاری مێژوویی بە شێوەی وورد سەبارەت بە هەڵکۆڵینەکانی شوێنەواری لە پارێزگای هەولێر هەم گەڵاڵەکردنی زانیاری لە سەر لایەنەکانی ژیان و سەرهەڵدانی شارستانێتە کۆنەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

باشوری کوردستان بە یەکێك لە ناوچە گرنگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوین لە رووی پاشماوە شوێنەواریەکانەوە دادەنرێت. هەر لەو روانگەوە سەرنجی بەشێکی زۆری زانایانی شوینەوار لە زانکۆکانی جیهانی بۆ خۆ راکێشاوە. لەم ناوچەیەدا بە تایبەتی پارێزگای هەولێر کۆنترین پاشماوەی ئێسکە پەیکەری مرۆڤی نیاندرتاڵ دۆزرایەوە بەمەش بووە کۆنترین ئەشکەوت لە عێراق. ریزبەندی ئەشکەوتەکانی جیهان و کۆنترین ئەشکەوت و سەردەم لە میزۆپۆتامیا بە گشتی و پارێزگای هەولێر بەتایبەتی.

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پارێزگای هەولێری وەك نموونە لە ژێر رۆشنایی هەڵکۆڵینە کۆن و نوێیەکاندا وەرگرتووە. پارێزگای هەولێر هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد خاوەن کۆنترین پاشماوەی نیاندرتاڵە لە عێراق. پارێزگای هەولێر وەك هەموو بەشەکانی دیکەی باشوری کوردستان کەمترین هەڵکۆڵینی شوێنەواری بۆ ئەنجامرداوە، لە سالأنی پێش 2003 دا شوێنەوارەکانی ئەم بەشەی کوردستان بە شاراوەیی مایەوە چونکە لە بەر هۆکاری رامیاری رێگە بە تیمە ناوخۆیی و بیانیەکان نەدراوە کاری رووپێویی و هەڵکۆڵین ئەنجامبدەن. لە دوای روخانی رژێم لە سالّی 2003 دا، دوای گەرانەوەی ئارامی بۆ باشوری کوردستان کە زۆر ئارامتر و کەشێکی رەخساو دروست بوو بۆ تیمە بیانیەکان کە بەخۆشحاڵیەوە ژماریەکی زۆر لەتیمی زانکۆ بیانیەکان روویان لە باشوری کوردستان و پارێزگای هەولێر کرد. لە بەر گرنگی ناوچە شوێنەواریەکانی پارێزگای هەولێر پرۆژەی گەورە و درێژخانە بۆ رووپێوی و هەڵکۆڵینی زانستی شوێنەواری ئەنجامدرا. زۆربەی ئەو تیمانە لە کارەکانیان بەردەوامن و لێکۆلینەوەکانیان زانیاری گرنگ دەخەنە سەر مێژووی باشوری کوردستان و پارێزگای هەولێر.

## 1- گرینگی بابەتەکە

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە زانیاری نوێ فەراهەم دەکات لە سەر باشوری کوردستان بەگشتی وە پارێزگای هەولێر بە تایبەتی لە رووی شوێنەواریەوە. هەڵکۆلین و ناوچە گرنگەکانی ئەو ناوچەیە بە خوێنەر دەناسێنیت. دۆزینەوەی کۆنترین پاشماوەی مرۆڤ و بەردەوامبوونی کاری هەڵکۆڵین خۆی لە خۆیدا گرنگی ئەم ناوچەیە دەردەخات. وە ئەنجامی هەڵکۆڵینە نوێیەکان لە داهاتوودا زانیاری زۆر گرنگ دەخەنە سەر لاپەرەکانی مێژووی باشوری کوردستان.

## 2- ئامانجی توێژینەوەکە

دەرخستن و نیشاندانی کۆنترین هەڵکۆڵین و شوێنە شوینەواریەکان لە ناوچەکەدا وە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە خوارەوە:

١- کەی بۆ یەکەم جار هەڵکۆڵین لە باشوری کوردستان لە پارێزگای هەولێر ئەنجامدراوە ؟

٢- هەڵکۆڵینە شوێنەواریە نوێیەکان کەی دەستی پێکردەوە ؟

٣- بۆچی باشوری کوردستان بە تایبەتی پارێزگای هەولێر بووەتە چێ تێروانینی شوێنەوارناسە بیانیەکان؟

## 3- میتۆدی توێژینەوەکە

وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکەی تیۆری دەربارەی مێژوو و شوێنەواری کوردستان، میتۆدی گشتگیر لەم توێژینەوەیە بەکارهاتووە، وەك روونکردنەوەی تەوەرەکان لە ریگای وێنە و خشتەو گفتۆگۆی زانستیانە.

## 5- پلانی توێژینەوە

لێکۆڵینەوەکە لە چەند تەوەرەیەک پێکهاتووە، لە سەرەتادا توێژەر باسی پوختەی مێژووی هەڵکۆڵین لە عێراقدا و گرنگی باشوری کوردستان لە رووی شوێنەواریەوە و گرینگی هەڵکۆڵین بۆ باشوری کوردستان کردووە. لە بەشی دووەمدا باسی هەڵکۆڵینە شوێنەواریە کۆن ونوێیەکانی لە پارێزگای هەولێر دەکات. لە بەشەکانی کۆتاییدا لێکۆڵینەوەی شێکاری بۆ گرنگترین شوێنە شوێنەواریە هەڵکۆڵراوەکان لە پارێزگای هەولێر و دەرکەوتە مێژوویەکانی هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکان لە سەر باشوری کوردستان ئەنجام دەدات.

## 6-پوختەی مێژووی هەڵکۆڵین لە عێراقدا

باشوری کوردستان وەك بە شێك لە عێراق هەژماردەکرێت و بە شێکی زۆری شوێنە شوینەواریەکانی عێراقیش کاری هەڵکۆڵینیان بۆ ئەنجامدراوە. لە سەدەی پازدە و شانزەدا سەرەتای گەشتی رۆژهەڵاتناسان بۆ وولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەستی پێکردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(۹) – ژمارە(۳)، پایز ۲۰۲٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وە لە سەدەی حەڤدە و هەژدە دووبارە کۆمەڵێکی دیکە هاتوون لە ژێر ناوی رۆژهەڵاتناسان بە دوای پاشماوەی گران بەهای مرۆڤ گەراون و چەندین پارچەی زۆر بەنرخیان لە گەڵ خۆیان بۆ وولاتەکانی خۆیان بردووە و مۆزەخانەکانیان پێ رازاندۆتەوە (الدباغ، 1983، ص 22 و 25).

وە سەبارەت بە هەڵکۆڵین لە عێراقدا، کۆنترین هەڵکۆڵینی نازانستی ئەنجامدرابێت بریتی بووە لە هەڵکۆڵینی فەرەنسیەکان کە لە ساڵی 1842 لە شاری نەینەوا ئەنجامیانداوە. وە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەردەی بیستدا هەڵکۆڵینی زانستی دووبارە لە ناوچەکانی نەینەوا و ئاشور خورسابارد دەستی پێکردەوە دواتر لە ناوچەکانی باشور و ناوەراستی عێراق بەرفراوانتربوویەوە. تا رۆژگاری ئەمرۆکەدا هەڵکۆڵینەکان بەردەوامن و چەند رێگایەکی سەرەکی بەکاردەهێنرێن وەك رێگای تاقیکاری بۆ دیاریکردنی تەمەنی چیەنەکانی گردەکە و رێگای چاڵکردن لە شێوەی چوارگۆشە و پیتی ئیی ئینگلیزی (الدباغ، 1983، ص 40).

## 7-گرنگی باشوری کوردستان لە رووی شوێنەواریەوە

باشوری کوردستان بە گشتی وە پارێزگای هەولێر بە تایبەتی گرنگیەکی زۆریان هەیە بۆ شوێنەوارناسان و هەڵکۆڵین وە دەمێکە بووەتە یەکەم ناوچە بۆ هەڵکۆڵینەکانیان. گەر تیشك بخەینە سەر گرنگی باشوری کوردستان ئەوە ناوچە شوێنەواریەکانی جێگای بایەخی شوێنەواناسان بوونە چونکە هەر لەو کاتەی مرۆڤ دەرکەوتوو شوینەواری لە باشوری کوردستان جێهێشتووە. شوێنەوارەکانی چاخی بەردینی کۆن وەك ئەشکەوتی شانەدرە کە یەکێکە لە ئەشکەوتە هەرە دێرینەکان وە شوێنەوارەکانی چاخی بەردینی ناوەراست وەك شوێنەوارەکانی زاوی چەمی و ئەشکەوتی زەرزی و هەزارمێرد لە گەڵ شوێنەوارەکانی چاخی بەردینی نوێ وەك گوندی چەمرمۆ و بەردەبەلکە و بێستانسورهتد. لە گەڵ شوێنەوارەکانی چاخی بەردینی کانزایی وەك بانە هیلك و قالینچ ئاغا و هتد. باشوری کوردستان شوێنەوارەکانی گەواهیدی ئەم راستیە دەردەخەن کەوا گرنگیەکی جێگای بایەخیان هەبووە.

لە لایەکی ترەوە گەر سەرنج بدەین بە هەلکۆڵین گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ هەڵدانەوە و نووسینی مێژووی گەلان. لە رێگای هەڵکۆڵینەوە زۆر شت روون دەبێتەوە وەك مێژووی ریزبەندی کۆنترین

نیشتەجێبوونەکان. هەڵکۆڵین گەرانە  بە دوای شوێنەواریەکانی مرۆڤ، چونکە کەرەستە و ئامرازە جێهێڵدراوەکان کۆمەڵێك زانیاری لە رووی شارستانیەت و کۆمەڵایەتی و لایەنی ئابوری و ئایینی و تەکنیکی ئەو سەردەمانە دەدەن بەدەستەوە (الفخراني، 1993، ص17).

هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە پێشەکی ئەو هۆکارانە دادەنرێن کەوا لە رێگایەوە توێژەرانی شوینەوار و مێژووی سەچاوەکانیان لە سەر مێژووی کۆن و ناوەراست دەستە بەر بکەن.

توێژەری شوێنەواری لە کارەکانیدا هەوڵی بەدیهینانی دوو ئامانج دەدات: یەکەم، گەران بەدوای پاشماوەکانی رابردوو بە باشترین رێکاری زانستی و تیۆریەکان. دووەم: لێکۆڵینەوە وشیکردنەوەی ئەو پاشماوانە و پێشکەش کردنیان بە نووسەری مێژوویی بۆ نووسینی کاروباری گەلانی کۆن (الدباغ، 1983، ص 89).

لێرەدا دەبێت چەمکی هەڵکۆڵین روونبکرێتەوە، کە بریتیە لە کاری چاڵکردنی زانستی کەوا لە لایەن زانایانی شوێنەوارناسان لە گێلگەی شوێنەواری ئەنجام دەدرێت بۆ دەرکردنی پاشماوە شوینەواریە شاراواکانی گەلانی کۆن لە ژێری زەوی، ئەم کارە بە رێگایەکی رێك و پێك ئەنجام دەدرێت بە جیاواز لە رێگایەکانی تری چاڵکردن. رێگاو رێبازی زانستی تایبەتی خۆی هەیە بۆ گەران بە دوای شوێنەوار بەو مەبەستەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکردبۆ دەرهێنانی شوینەوار لە ژێر زەوی، تۆمارکردن و باسکردنیان و ئەنجا وێنەگرتن و شێوەکردنیان دواتر چاکردنەوەیان و ئامادەکردنیان بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی تر(حسن، 1993، ص 41).

گرینگی هەڵکۆڵین بۆ باشوری کوردستان

باشوری کوردستان گرنگی زۆری هەیە بۆ شوێنەوارناسان و هەڵکۆڵینی شوێنەواری، دەمێکە بووەتە یەکەم ناوچە بۆ هەڵکۆڵینەکانیان.

پێش ئەوەی باس لە هەڵکۆڵین بکەین دەبێت رووپێویش بناسێنین چونکە پێش کاری هەڵکۆڵین پرۆسەی رووپێوی ئەنجام دەدرێت، کە پرێتە لە پشکنینی گردەکە و دەرخستنی پاشماوە بەرچاوە کانی سەر و دەوروبەری شوێنە شوێنەواریەکان هەر بۆیە رووپێوی بە کلیلی دەستپێکردنی هەڵکۆڵین دادەنرێت (الطلبي، 2021، ص 8).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەمکی هەڵکۆڵین چەند پێناسەیەکی بۆ کراوە، باوترینیان، بریتیە لە چاڵ لێدان کەوا لە لایەن زانایانی شوێنەوارەوە لە گێلگەی شوێنەواری ئەنجام دەدرێت. بۆ دەرکردنی پاشماوە شوێنەواریە شارەوکانی ژێر زەوی، ئەم کارە بە رێگایەکی رێك و پێك ئەنجامدەدرێت، جیاوازە لە گەڵ کارەکانی دیکەی چاڵکردن. رێگا و رێبازی زانستی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ گەران بە دوای شوێنەوار بە مەبەستی دەرهینانی شوێنەوار لە ژێر زەوی، تۆمارکردنیان و باسکردن و ئەنجا وێنە گرتنیان و شێوە کردن و دواتر چاکردنیان و ئامادەکردنیان بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی تر (حسن، 1993، ص 42).

دەتوانین بڵێن گەرانە بەدوای شوێنەوارەکانی مرۆڤ کە پێشتر بەکاریان هێناوە، چونکە ئەو کەرەستانە مرۆڤ کۆمەڵێك زانیاری دەدەن بە دەستەوە لە رووی شارستانیەت و کۆمەڵایەتی و لایەنی ئابوری و ئایینی و تەکنیکی ئەو سەردەمانە دەدەن بە دەستەوە.

هەڵکۆڵینی شوێنەواری لە پێشەکی ئەو هۆکارنە دادەنرێت کەوا لە رێگایەوە توێژەری شوێنەواری و مێژوویی سەرچاوەکانی لە سەر مێژووی کۆن و ناوەراست دەست بکەوێت. توێژەری شوێنەوار لە کارەکانیاندا هەوڵی بەدیهێنانی دوو ئامانج دەدەن: یەکەم، گەران بە دوای پاشماوەکانی رابردوو بە باشترین هۆکاری زانستی و تیۆری. دووەم: لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەو پاشماوانە و پێشکەش کردنیان بە نووسەری مێژوویی بۆ نووسینی کاروباری گەلانی کۆن (حسن، 1993، ص 57).

## 8-هەڵکۆڵینە شوێنەواریە کۆنەکان لە پارێزگای هەولێر

پارێزگای هەولێر خاوەنی چەندین هەزار ناوچە شوێنەواریە بەڵام وەك پێویست پێش رووخانی رژێم گرنگی بە رووپێویی و هەڵکۆڵینیان نەدراوە وە چەندین ناوچە تا ئەم دواییانە لە ئەتلەسی شوێنەواری تۆمارنەکراون. هەربۆیە گەر سەرژمێری بۆ ئەو گرد و ئەشکەوت و شوێنە شوێنەواریەکان بکەین ژماریەکی زۆر کەم دەردەکەون کە هەڵکۆڵینی شوێنەواریان بۆ ئەنجامدراوە (خشتە.1) (ابراهیم، 2018، ص 229).

قەسر شەمامك بە کۆنترین گردی شوێنەواری دادەنرێت کە هەڵکۆڵینی بۆ ئەنجامدرابیت، لە ساڵی 1930 لە لایەن فۆرلانی لە زانکۆی رۆما هەڵکۆڵینی نازاستی بۆ ئەنجامدراوە (Furlani,1934, p. 265). بەڵام کۆنترین هەڵکۆڵینی شوینەواری زانستی لە شارۆچکەی مەخمور ئەنجامدراوە لە ساڵی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1949 لە لایەن بەرێز محمد ئەمین لە بەرێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری عێراق و بە هاوبەشی لە گەڵ بەرێز ماکس مالۆوان لە زانکۆی لەندەن (El Amin &Mallowan, 1949, p. 150, 160).

وە گەر لە خشتەی ژمارە یەك براونین تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا شارۆچکەی سۆران زۆرترین هەڵکۆڵینی بۆ ئەنجامدراوە لە بەر گرنگی ناوچەکە لە رووی سرووشتیەوە شوێنێکی گونجاو بووە بۆ ژیانی سەرەتایی مرۆڤی کۆن ئەمەش بۆ ئەوەی دەگەرێتەوە کەوا بەرێز برەیدوود لە گەشتەکەی بۆ باشوری کوردستان هەڵکۆڵینی بۆ ناوچە شاخاویەکانی زاگرۆس داوە وە بەتایبەتی ئەو شوێنە شوینەواریانەی کە دەگەرێنەوە بۆ چاخە بەردینیەکان کۆناکان و ناوەراست و نوێی و کانزایی (Braidwood & Howe, 1960, p. 25, 29).

خشتەی. 1: لیستی شوێنە شوێنەواریەکانی پارێزگای هەولێر کە لە پێش 2003دا هەڵکۆڵینیان بۆ کراوە

| هەولێر | | | |
|---|---|---|---|
| قەزای هەولێر | مەخمور | سۆران | شەقڵاوە |
| قالینچ ئاغا | ئیبراهیم بایز | بانە هیلك | کاوانیان |
| قەسر شەمامك | کوالە کەندال | ئەشکەوتی بێستون | |
| | گردی ئەقرە | سپیلك | |
| | | بابخاڵ | |
| | | گردی ئیلخان | |
| | | ئەشکەوتی شانەدەر | |
| | | زاوی چەمی | |




گراف.1: ڕێژەی سەدی بۆ هەڵکۆڵینە کۆنەکان بە پێی شارۆچکەکان

## 9-هەڵکۆڵینە شوێنەواریە نوێیەکان لە پارێزگای هەولێر

هەڵکۆڵینە نوێیەکان ناوچەکانی پارێزگای هەولێری بە گشتی گرتۆتەوە، ژمارەی گردەکان زۆرتر دەردەکەون کە هەڵکۆڵینیان بۆ ئەنجامدراوە (خشتەی. 2). قەزای هەولێر زۆرترین هەڵکۆڵینی نوێی بەرکەوتووە لە گەڵ پرۆژەیەکی گەورەی ڕووپێوی کردن کە زۆربەی گردەکانی قەزای دەشتی دەوروبەی هەولێر لە خۆ دەگرێتەوە. ئەم هەڵکۆڵینە نوێیانە لە دوای روخانی رژێم دەستی پێکردۆتەوە و تا ئێستاکەش بەردەوامن (Kostas &MacGinnis& Ur, 2015, p. 16-20)).

خشتەی.2 : لیستی شوێنە شوێنەواریەکانی پارێزگای هەولێر کە لە دوای ڕۆخانی رژێم هەڵکۆڵینیان بۆ ئەنجامدراوە

| **هەولێر** | | | |
|---|---|---|---|
| قەزای هەولێر | سۆران | شەقڵاوە | کۆیە |
| قەڵای هەولێر | بانە هیلک | رووپێوی بۆ هەموو سنورەکە کراوە | ساتو قەڵا |
| کلک مشک | گردی دەشت | | قەڵای شیلە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| گردی قەصرە | ئەشکەوتی شانەدەر | | |
| قەصر شەمامك | | | |
| گردی لەشكر | | | |
| هێلاوە | | | |
| كورد قەبرستان | | | |
| سورێژە | | | |
| گردی نادر | | | |
| گۆڕی گەرەکی عەرەبان | | | |
| گۆڕی شێخی چۆڵێ | | | |
| باش تەپە | | | |
| باقرتە | | | |




گراف 2: ڕێژەی سەدی بۆ هەڵکۆڵینە نوێیەکان بە پێی شارۆچکەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 10-گرنگترین شوێنە شوێنەواریە هەڵکۆڵراوەکان لە پارێزگای هەولێر

### -چاخی بەردینی کۆن :

لە چاخی بەردینی کۆندا لە سنوری پارێزگای هەولێر کۆنترین پاشماوەی ئەو سەردەمە لە ئەشکەوتی شانەدەر لە زنجیرە شاخەکانی برادۆست دۆزراوەتەوە. پاشماوەی کۆنترین ئێسکە پەیکەری مرۆڤی نیاندرتاڵ دۆزرایەوە. ئەم ئەشکەوتی بە یەکێك لە هەرە کۆنە ئەشکەوتەکانی مێژووی سەر زەوی دادەنرێت کەوا پاشماوەی کۆنترین ژیانی مرۆڤی تێدا تۆمار کراوە (خشتەی. 3). وە ئەم ئەشکەوتە مێژووی باشوری کوردستانی پێش وولآتانی تر خست بەوەی کەوا بە لانکەی شارستانیەت دادەنرێت و شارستانیەت لێرەوە بەرەو ناوچەکانی دیکەی عێراق بردووە (Solecki, 1969. p.179). ئەم زانیاریە ڕاست کەرەوە ووتمان ئەشکەوتی دیدەریا لە سوریا کۆنترە لە شانیدەر و مرۆڤی نیاندرتاڵیشی لێدۆزراوەتەوە

خشتەی ژمارە 3: زانیاری دەربارەی ئەشکەوتی شانەدەر

| شوێن | وەرزی هەڵکۆڵین | سەردەم | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ئەشکەوتی شانەدەر (دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر و سەر زنجیرەجیایەکانی برادۆست)(Reynolds et al, (2016, p. 369 | 1957-1961، 2015-2019 | چاخی بەردینی کۆن | لە ساڵانی 1957 تا 1961 لە لایەن پرۆفیسۆر ڕالف سۆلکی ( Ralph Solecki) لە زانکۆی کۆلۆمبیا ئەنجامدراوە، وە لە لایەن پرۆفیشۆر بارکەر لە زانکۆی کامبریج لە 2015 تا 2019 هەڵکۆڵینی نوێی ئەنجامداوە. |

### - چاخی بەردینی کانزایی

چاخی بەردنی کانزایی کە سەردەمەکانی حەسونە و سامەرا و حەلەف و عوبێد لە خۆدەگرێتەوە پاشماوەی ئەو شارستانێتانە لە سنوری پارێزگای هەولێر لە شوێنە شوێنەواریکان دۆزرانەتەوە. ئەم سنورە زۆر دۆڵمەندە بە پاشماوەکانی ئەو سەردەمانە لە بەر ئەوەی مرۆڤی کۆن لە دوای لەبار بوونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەش و هەوا و دۆزینەوەی برونز توانی گەشە بە لایەنی شارستانیەتی خۆی بدات و کاریگەریەکانی لە باکورەوە بەرە و باشور بنێت. لە پارێزگای هەولێر زۆر گرد لە خشتەی 1 و 2 دا باسکراون کە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردنی کانزایی لە بەر زۆری شوێنە شوێنەواریەکان تەنها سێ گردمان دەستنیشان کردووە کە (خشتەی.4 )باس لە وەرزی هەڵکۆڵین و کورتەیەك لە مێژووی هەڵکۆڵینیان تاوتوێ کراوە.

خشتەی. 4: شوێنە شوێنەواریە گرنگەکانی سەردەمی چاخی بەردینی کانزایی لە پارێزگای هەولێر

| شوێن | وەرزی هەڵکۆڵین | سەردەم | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- |
| قالینج ئاغا (دەکەوێتە پشت مۆزەخانەی نیشتمانی هەولێر بە نزیکەی 2 کم دەکەوێتە باشوری قەڵای هەولێر (ابو الصوف، 1969، ص 3) | 1966 | حەلەف تا نەینەوای 5 | لە لایەن بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری بەغدا هەڵکۆڵینی بۆ کراوە بە سەر پەرشتی بەرێز بهنام ابو صوف شاە صەیوانی |
| گردی لەشکر (دەکەوێتە شاروچکەی کەسنەزان نزیکە پشکنینی ئۆتۆمۆبێل KostasMacGinnis& ) ((Ur, 2015, p. 28 | 2014 تا 2019 | حەلەف سەردەمی برونزی | لە لایەن زانکۆی ئەتۆنەمەسی بەرشلۆنەی ئیسپانی بە سەر پەرشتی میلوێل مۆلیست و ئانا گۆمێس هەلکۆڵینی تێدا ئەنجامدراوە |
| گردی نادر (دەکەوێتە ناو گەرەکی مامۆستانی لە رۆژهەڵاتی شاری هەولێر ((Kostas, 2013, p.23) | 2011 | عوبێدی باکور | لە لایەن زانکۆی ئەسینای یۆنانی بە سەر پەرشتی بەرێز کۆنستانس کۆبانیەس هەڵکۆڵینی بۆکراوە. |

- **سەردەمی برونزی کۆن و ناوەڕاست**

لە سەردەمی برونزی کۆن و کۆتایی واتا لە سەردەمی وەرکا و نەینەوا پێنچ و بابلی کۆن و ئاشوری کۆن لە خۆدەگرێتەوە. پارێزگای هەولێر بە درێژایی مێژوو بەم سەردەمانەدا تێپەریوە و پاشماوەکانیان لە سەر گردەکان و دۆزینەوەیان لە میانەی هەڵکۆڵینەکاندا گەواهیدەری ئەم زانیاریانەن وە لە (خشتەی. 5) تەنها باس لە و گرد گرنگانەی ئەو سەردەمانە دەکەین.

خشتەی. 5: شوێنە شوێنەواریە گرنگەکانی سەردەمی برونزی کۆن و ناوەراست لە پارێزگای هەولێر

| شوێن | وەرزی هەڵکۆڵین | سەردەم | تێبینی |
|---|---|---|---|
| سورێژە ( بە دووری 20 کم دەکەویتە باشوری شاری هەولێرەوە سەر رێگای مەخمور ( Stein &Alizadeh, 2016-2017, p.74)) | 2013 | عوبێد و وەرکاو سلوقی و اسلامی | لە لەیەن پەیمانگای رۆژهەڵاتی لە زانکۆی شیکاگۆ بە سەر پەرشتی گیل ستەین هەڵکۆڵینی بۆ ئەنجامدراوە. |
| کلك مشك ( دەکەوێتە باشوری شاری هەولێر بە نزیکەی 5 کم لە قلاَی هەولێرەوە دوورە ( Rouault &Calini, 2016, 373)) | 2010-2013 | برونزی کۆن تا ئیسلامی | لە لایەنی زانکۆی سەلاحەدین بەشی شوێنەوار و زانکۆی ئیکۆل پراکتیکی خوێندنی باڵا و زانکۆی لیۆن 2 و فەرەنسی هەڵکۆڵینی بۆ ئەنجامدراوە. |

- **سەردەمی برونزی کۆتایی و ئاسنی و سەردەمەکانی تر**

لە سەردەمی برونزی کۆتایی کە سەردەمەکانی میتانی و ئاشوری ناوەراست لە خۆدەگرێت (Othman, 2018, p. 347)، پاشماوەیەکی زۆری ئەم سەردەمانە لە سنوری پارێزگای هەولێر بەدی دەکرێت (Othman, 2019, p. 667)، چونکە لە هەردوو سەردەمدا هەولێر رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پێشکەوتنی ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە. لە بەر زۆری گردەکان تەنها لە خشتەی ژمارە 6 سێ شوێنمان دیاری کردووە (Othman, 2020, p. 87).

پارێزگای هەولێر لە سەردەمی ئاسنی یا بە دەستەواژەیەکی دیکە لە سەردەمی ئاشوری نوێوە یەکێك بووە لە شارە گرینگەکانی ئیمبراتۆریەتی ئاشوری نوێ، گەر بگەرێن بە سەر گردەکانی سنوری پارێزگای هەولێر بە سەر گردەکانەوە پاشماوەی گڵێنەی سەردەمی ئاشوری نوێ بە رێژەیەکی زۆر دەبینرێت (Othman, 2018, p. 298). لە بەر بەردەوام نەبوونی هەڵکۆڵین لەو سنورەدا یا لە بەر کەمی هەڵکۆڵین زۆربەی گردەکان بە زانیاری نادیارەوە ماونەتەوە. لە خشتەی ژمارە (خشتەی. 6) توێژەر لە برە زۆری گردەکان و دووبارە بوونەوەیان تەنها یەك گرد و دوو گۆری گرنگمان دەست نیشان کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی. 6: شوێنە شوێنەواریە گرنگەکانی سەردەمی ئاسنی و سەردەمەکانی دیکە لە پارێزگای هەولێر

| شوێن | وەرزی هەڵکۆڵین | سەردەم | تێبینی |
|---|---|---|---|
| دەشتی مەخمور( ئەم دەشتە دەکەویتە رۆژاوی شاری هەولیرەوە، تەنها سێ گرد لەم دەشتەدا هەڵکۆڵینی بۆ کراوە لەوانە گردی ئیبراهیم بایز و ئەکرەح و کوالە کەندال (El Amin &Mallowan, 1949, p.150.) ، (El Amin &Mallowan, 1950, p.60.)) | 1950-1949 | برونزی کۆتایی تا ئیسلامی | لە لایەن بەرێز محمود ئەمین لە بەرێوەرایەتی گشتی شوێنەواری عێراق و ماگس مەلۆوان لە زانکۆی لەندەن |
| قەسر شەمامك(بە دووری 25 کم دەکەوێتە باشوری رۆژئاوای شاری هەلێرەوە (Rouault. et al, 2018, p. .212)) | 1930<br>2019-2011 | برونزی کۆتایی تا ئەشکانی | لە ساڵی 1930 یەکەم کاری هەڵکۆڵین لە لایەن زانکۆی رۆما بە سەر پەرشتی د. فۆلانی ئەنجامدرا. وە دووەم جار لە لایەن زانکۆی پراکتیی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سۆربۆن و لیۆن دووی فەرەنسی بە سەر پەرشتی بەرێز ماریا گراسیا و ئۆلیفەر رووۆ هەڵکۆڵین ئەنجامدرایەوە. |
| گۆری گەرەکی عەرەبان( دەکەوێتە گەرکی عەرەبان لە شاری هەولێر، لە بەشی باکوری رۆژئاوی قەڵای هەولێر (Ess, 2012, p.104)) | 2009 | ئاشوری نوێ تا ساسانی | لە لایەن پەیمانگەی شوێنەواری ئەڵمانی بە سەرپەرشتی بەرێز ئارنۆلف و مارگارێتە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| گۆڕی شێخی چۆلی( دەکەوێتە بەرامبەر مزگەوتی شێخی چۆڵی ناو بازاری هەولێر ) Othman, 2017, p. ((207 | 2017 | ئاشوری ناوەڕاست | لە لایەنی تیمی بەریوەبەراتی شوێنەواری هەولێر کنە و پشکنینی رزگاری خوازی بۆ ئەنجامدرا. |

## 11.دەرکەوتە مێژوویەکانی هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکان لە سەر باشوری کوردستان

لە سەرەتاوە ئەم کاریگەریەی هەڵکۆڵین لە باشوری کوردستان بە تایبەتی پارێزگای هەولێر بینراوە. پاشماوە شوێنەواریەکان بە شاراوەیی دەمێننەوە گەر هەڵکۆڵین ئەنجام نەدرێت. لەم تەوەرەدا باس لە دەرکەوتە مێژوویەکان بە پێی کرۆنۆلۆجیای سەردەمەکان دەکرێت.

باشوری کوردستان بە تایبەت پارێزگای هەولێر بەر سەرەنجی توێژەرە بەناوەبانگە مێژووەکان کەوتووە، ئەم گرنگیەش لە ئاکامدا بووە هۆی دۆزینەوەی کۆنترین پاشماوەی مرۆڤ لە ئەشکەوتی شانەدەر ئەمەش بووە هۆی دۆزینەوەی کۆنترین ئێسکە پەیکەری مرۆڤی نیاندرتاڵ لە ناوچەکەدا. وە بووە هۆی ئەوەی کە باشوری کوردستان پێش هەموو ناوچەکانی تر بکەوێت لە رووی دۆزینەوەی پاشماوەی مرۆڤی کۆن. ئەمەش گەواهیدەری ئەم راستیەن کەوا ئەم ناوچەیە بە یەکەم لانکەی ژیانی مرۆڤ دادنرێت (Sollecki, 1952, p.127).

لە چاخی بەردینی ناوراستدا هەڵکۆڵین لە پارێزگای هەولێر هەر لە نزیك ئەشکەوتی شانەدەر لە گوندی زاوی چەمی ئەنجامدرا، لە ئاکامدا پاشماوەی شارستانیەتی چاخی بەردنی ناوەراست دۆزرایەوە بەمەش باشوری کوردستان مێژووی ئەم سەردەمەی پرکردەوە لە کرۆنۆلۆجیای ریزبەندی مێژوویی میزۆپۆتامیا (Ferembach, 1979, p. 21).

لە چاخی بەردینی نوێدا زۆر گرد و شوێنی شوینەواری هەن لە دەشتی هەولێر بەڵام تا ئێستا هەڵکۆڵینیان بۆ نەکراوە وەك لە پرۆژەی ئێپاس (EPAS) کە بەرێز جەیسن ئور سەرپەرشتی رووپێوێیکی گەورە لەم ناوچەیەدا دەکات لە داهاتوودا زانیاری زۆر گرنگ دەدەن بە دەستەوە ( Ur, 2013, p.89).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە چاخی بەردینی کانزاییدا (حەسونە و حەلەف و عوبێد)زۆربەی پاشماوەی ئەم سەردەمە لە دەشتی هەولێر و گردی نادر و قالنچ ئاغا و قەڵای هەولێر و گردی لەشکر و سورێژە و هێلاوە دۆزراونەتەوە (Kostas &MacGinnis& Ur, 2015, p. 6-52).

وە سەردەمی وەرکا لە گردەکانی سورێژە و کورد قەبرستان و هێلاوە و باش تەپە و کلك مشك دۆزراوەتەوە. وە سەردەمی برونزی ناوەراست و کۆتایی لە گردەکانی قەسر شەمامك و گۆری شێخی چۆڵی دۆزرایەوە( Othman, 2017, p. 207).

وە لە سەردەمی ئاشوری نوێدا لە هەڵکۆڵینەکانی گردی کلك مشك و گۆری گەرەکی عەرەبان و باش تەپە و قەسر شەمامك و گردی (Kostas &MacGinnis& Ur, 2015, p. 6-52).

وە پاشماوەی سەردەمی میتانی لە هەڵکۆڵینی بەرێز ئەمین لە دەشتی مخمور لە گردەکانی عەقرەح و کوالە کەندا و ئبیراهیم بایز دۆزرایەوە وە لە گردی کلك مشك و قەسر شەمامك دۆزرایەوە ( El Amin &Mallowan, 1950, p.55).

وە پاشماوەی سەردەمەکانی ئەشکانی و ساسانی و ئیسلامی لە زۆربەی گردەکانی دەشتی هەولێر دەبینرێت وەك لە هەڵکۆڵینی گردی باقرتە و باش تەپە و گۆری گەرەکی عەرەبان و کلك مشك و ساتو قەڵا و قەسر شەمامك و سورێژە (Kostas &MacGinnis& Ur, 2015, p. 6-52).

## 12.ئەنجام:

لە ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوە زانستیەدا بۆمان دەردەکەوێت کەوا وولاتی عێراق و باشوری کوردستان بە تایبەتی پارێزگای هەولێر جێگای سەرنج و گرینگی پێدانی رۆژهەڵاتناسان و شوێنەوارناسانی زانکۆیەکانی جیهان بوونە و چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی و پەرتووکیان لەو بارەیەوە نووسیوە.

لە هەڵکۆڵینە کۆن و نوێیەکانی پارێزگای هەولێردا بۆمان دەردەکەوێت کە ناوچە شاخاویەکانی پارێزگای هەولێر لانکەی ژیانی یەکەم دەرکەوتنی مرۆڤ بووە وە دواتر هەموو قۆناغەکانی گواستنەوەی شارستانیەت لە چاخەکانی بەردینی کۆن و ناوەراست و نوێی تا سەردەماکانی تر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤاریکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پارێزگای هەولێر پێیدا تێپەربووە وە بۆ پشت راستکردنەوەی ئەم خاڵە پاشماوە شوێنە شوێنەواریەکانی ئەم پاریزگایە گەواهیدەری ئەم راستیەن.
دەرکەوتە مێژوویەکانی ئەم پارێزگایە رەنگی لە سەر هەموو بەشەکانی دیکەی باشوری کوردستان و عێراق داوەتەوە، بەمە پێشەنگی مێژووی لە کرۆنۆلۆجیای سەردەمەکان گرتووە. ئەمە لابە چونکە هیچ بەڵگەیەکت نەهێناوە بزانین چۆن کاریگەری لەسەر کوردستان هەبوە.
ناوچەی جوگرافی و هەڵکەوتەکەی بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم ناوچەیە لە هەموو سەردەمەکاندا ژیانی تێدا بەردەوام بێت و کاریگەریش لە سەر ناوچەکانی دراوسێدا درووست بکات. ناوچە شاخاوییەکان وەك قەڵایەك بوون و پێدەشتاییەکانی خەزێنەیەك بوونە بۆ دۆڵەمەندکردنی ئەو دەسەڵاتانەی کەوا لە هەولێردا ژیاون و سەریان هەڵداوە.
زۆربەی گرد و شوێنە شوێنەواریەکانی ئەم پارێزگایە لەم توێژینەوەدا دەست نیشانکراون و پوختەیەکش بۆ سەردەمە دۆزراوەکان و مێژووی هەڵکۆڵینیان بەردەستە کراون و دەبن بە کەتەلۆکێك کە سوود بە خوێنەر دەگەێنێت دەربارەی شوێنە شوێنەوارە هەڵکۆڵراوەکانی پارێزگای هەولێر لە کۆن و دواتردا.

## سەرچاوەکان:

**لیستی سەرچاوە عەرەبیەکان:**

1- ابو الصوف، بهنام (1969)، التنقيب في تل قالينج اغا (اربيل)، سومر 25، م1 و2، 3-14.
2- الدباغ، تقى (1983)، طرق التنقيبات الاثرية، بغداد.
3- الفخراني، فوزي عبدالرحمان (1993)، الرائد في التنقيب عن الاثار، بنغازي.
4- حسن، علي (1993)، الموجز في علم الاثار، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب.
5- الطلبي، جمعة (2021)، المسح الاثري، بغداد.
6- سفر، فؤاد (1948)، التنقيبات العلمية في العراق، سومر 2/4، بغداد. ص 178-179.
7- العزاوي، عمر جسام ( 2013)، علم الاثار في العراق نشأته و تطوره، طبعة الاولى، لبنان.
8- ابراهيم، نعمان جمعة (2018)، المظاهر الحضارية في منطقة اربيل خلال العصر الحجري المعدني (الكالكوليتي) في ضوء التنقيبات الاثرية (قالينج ئاغا نموذجا)، عن: مؤتمر العلمي الدولي الثاني، اثار و تراث هەولێر-Erbil، ص. 228-240.

**لیستی سەرچاوە بیانیەکان:**

9- Furlani, G., (1934), Gliscaviitaliani in Assiria (campagnadel 1933). GiornaledellaSocietàAsiaticaItaliana, N.S. Vol. 2: 265-276.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

10- El Amin, M. &Mallowan, M. E. L., (1949) Sounding in the Makhmur plain, Sumer 5, p.150, 145-153.
11- El Amin, M &Mallowan, M. E. L., (1950) Sounding in the Makhmur plain, Sumer 6, p.60, 55-90.
12- Braidwood, R. J. & Howe, B., (1960), Prehistoric Investigations in Iraqi Kurdistan, Studies in Ancient Oriental Civilization 31, The University of Chicago Press.
13- Kostas, k. &MacGinnis, J. & Ur, J.,(2015), Archaeological Projects in the Kurdistan Region in Iraq. The Directorate of Antiquities of Kurdistan.
14- Kostas, K., (2013), The Tell Nader and Tell Baqrta Project in the Kurdistan Region of Iraq, Preliminary Report of the 2011 Season, Subartu 6-7, 23-57.
15- Solecki, R. S., (1963), Prehistory in Shanidar Valley, northern Iraq. Science 139, 179-193
16- Reynolds, T. et al., (2016), New investigations at Shanidar Cave, Iraqi Kurdistan, In: The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions (eds) Kopanias, K. &MacGinnis, J., Oxford, 369-372
17- Stein, S. &Alizadeh, A., (2016-2017), Excavations at Surezha (Erbil Plain, Kurditan Region, Iraq), The Origins of Town and Social Complexity in Northern Mesopotamia in the Chalcolithic period: Annual Report 2016-2017, Orlando, Florida, 73-87.
18- Rouault, O. &Calini, I., (2016), Materials from French excavations in the Erbil area (2010): KilikMishik, In: The Archaeology of the Kurdistan Region of Iraq and Adjacent Regions (eds) Kopanias, K. &MacGinnis, J., Oxford, 373-384.
19- Rouault, O. et al., (2018), Qasr Shemamok-Kilizu (Kurdistan d'Irak), les campagnes de 2011, Études Mésopotamiennes –MesopotamianStudies 1, 212-253.
20- Ess, M. V., (2012), Excavations in the city of Arbil, 2009-2011: he Neo-Assyrian tomb, Zeitschriftfür Orient-Archäologie5,104-165
21- Othman, A. B., (2017), The Middle Assyrian Ceramics at SheikhiCholi Tomb,DissertationesArchaeologicae 3.5, 207-239.
22- Othman, A. B., (2018), The Distribution of the Nuzi ware in Northern Iraq and Syria, Polytechnic Journal 8 N2,347-371
23- Othman, A. B., (2018), The Neo-Assyrian Ceramics at KilikMishik (Typological Study), In: Bradosty, Z. - Zamua, D. (eds). 2nd International Scientific Conference Archaeology and Heritage of Erbil, Erbil 8-9 May 2018, 298-330.
24- Othman, A. B., (2019), The Middle-Assyrian Ceramics at KilikMishik, In: Bradosty, Z. et al. (eds). 3rd International Scientific Conference Archaeology and Heritage of Erbil. Erbil 29-30 April 2019, 667-694.
25- Othman, A. B., (2020), The pottery of Nuzi in the Erbil plain, In: Alpi, F. et al. (eds) 1st Proceedings of the International Conference (7-10 April 2014) Ancient Arbela – Pre-Islamic History of Erbil, 87-96.

26- Solecki, R. S., (1952), A Paleolithic site in the Zagroz Mountains of Northern Iraq, report on a sounding at Shanidar cave, sumer 8\2, 127-192.
27- Ferembach, D., (1979), Etude Anthropologique des Ossements Humains Proto-Neolithic de ZawiChemi, Shanidar cave (Iraq), Sumer 26,1-2, 21-64.

-------------------------------------------------------------------------------------------------------------------

## South Kurdistan In The Light Of Archaeological Excavations Erbil Province For Example

**Abdullah Bakr Othman**
Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Abdullah.othman@su.edu.krd

***Keywords**: Excavations, surveying, archeology, history, civilization.*

## Abstract:

According to archaeological evidence, Southern Kurdistan is considered as an importanat part of the cradle of ancient civilizations. The conduct of ancient and modern refinements reinforces these facts. After a long period, excavations begin again in southern Kurdistan, which give new information about the history of Kurdistan. Most of the ancient and modern excavations were carried out by foreign archaeologists, and the results are interesting. This research sheds light on some of the subjetcs, including talking about a summary of the history of the excavations in Iraq. Then the ancient and modern excavations in Iraq and southern Kurdistan, especially the Erbil Governorate. Finaly, it sheds light on the historical aspects of the history of Southern Kurdistan and Erbil Governorate.
The main objective of writing this research is to highlight the historical and archaeological importance of Southern Kurdistan, especially the Erbil Governorate. The study of this topic is necessary for archaeological and history researchers to study the region from all its aspects to add accurate historical and archaeological information regarding the archaeological excavations in Erbil Governorate, while the results of Excavations that took place in some of the sites studied in our research during ancient and modern excavations located within the governorate of Erbil

ژمارەی تۆماری نێودەوڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

confirm that this region was, throughout prehistoric times, a center for human presence and a cradle for the emergence of ancient civilizations.

## جنوب كوردستان تحت ضوء التنقيبات الاثرية (محافظة اربيل نموذجا)

**ملخص:**

تشير الأدلة الأثرية الى أن منطقة جنوب كوردستان كانت مهدا لحضارات القديمة، وعززت ذلك من خلال نتائج التنقيات الأثرية التي أجريت في العديدمن المواقع لتلك الحضارات منذ بدايات القرن الماضي فضلا عن التنقيات الحديثة. قدمت تلك النتائج معلومات مثيرةوفي غاية الأهمية عن تأريخ وحضارة هذه المنطقة ساهمت في الكشف عن الكثير من أوجه حياة الأنسان وقدمت شواهد حية ومعلومات جديدة عن تاريخ كوردستان.

سنحاول في هذا البحث تقديم صورة واضحة لجوانب حضارية للمنطقة مستندين في معلوماتنا على ماكشفته أعمال التنقيب من الدلائل المادية. ولهذا فقد أولينا في بحثنا التركيز أو أستعراض لبعض نتائج اعمال التنقيب للفرق الآثارية التي اجريت من قبل الاثاريين الاجانب. تضمن هذا البحث على مبحثين ،فقد تناول المبحث الأول ملخص لتأريخ التنقيبات في العراق. و عن التنقيبات القديمة و الحديثة في العراق و جنوب كوردستان و بالاخص محافظة اربيل. أما المبحث الثاني فقد خصص لألقاء الضوء على الجوانب التاريخية لمنطقة جنوب كوردستان و محافظة اربيل.

انالهدف الرئيسي لكتابة هذا البحث هو ابراز الاهمية التاريخيةو الاثريةلجنوب كوردستان بالاخص محافظة اربيل, ان دراسة هذا الموضوع ضروري للباحثين الاثاريون و التاريخ لدراسة المنطقة من كلا جوانبها لاضافة معلومات تاريخيةو اثرية بشكل دقيق بشأنالتنقيبات الاثرية في محافظة اربيل، في حينان نتائج اعمال التنقيب التى جرت فى بعض المواقع المدروسة في بحثنا خلال التنقيبات القديمة و الحديثة الواقعةضمن محافظة اربيل تؤكد عليانهذه منطقة كانت على امتداد عصور ما قبل التأريخ مركزا لتواجد انسان و مهد لنشوء الحضارات القديمة.